
# راگەیەندراوێک لە وەزارەتی کارەبای هەرێمەوە لەبارەی گرانبوونی نرخی کارەبا




وەزارەتی کارەبا لە رووونکردنەوەیەکدا دەڵێت، نرخی کارەبا هەمان نرخ و گەرانکاری بەسەردانەهاتووە و لە مانگی یەک بەهەی شپەلی سەرما و دابەزینی پلەکانی گەرما، هاوڵاتیان زیاتر کارەبایان بەکارهێناوە بۆیە کرێی کارەبای زیاتریان بۆ هاتووەتەوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە ٨ـی شوباتی ٢٠٢٦، وەزارەتی کارەبای هەرێم لە رووونکردنەوەیەکدا باسی لەوەکرد، نرخی کارەبا هەمان نرخە کە بە ڕێگای یاسایی پەسەندکراوە و لە وەقائعی کوردستان بڵاو کراوەتەوە، نرخەکانیش دیاریکراوە بە یەک مانگ حساب دەکرێت.

سەبارەت بەکرێی کارەباش وەزارەتەکە دەڵێت، لە مانگی یەک بەهەی شپەلی سەرما و دابەزینی پلەکانی گەرما زۆرێک لە هاوبەشان بڕی کارەبای زیادیان بەکارهێناوە، بۆیە لە مانگی یەک کرێی کارەبا زیاتر بۆیان هاتۆتەوە.

دەشڵێت، ئەگەر هەر گرفتێکیش بۆ هەر هاوبەشێک دروست بووبێت، ئەوا لە فەرمانگەکانی فرۆشتنی کارەبا، تیمی تایبەت چارەسەری گرفتەکە دەکەن.